# ئامرازی پەیوەندی(بە)
# لەچەند بەکارهێنانێکدا

د. شێرکۆ بابان
پرۆفیسۆری هاریکار

**١- دەسپێک:**
لەئاستی ئامرازی پەیوەندیدا، ئێمە درێغی ناکەین و هەر کاتێک پێچێکی تازەی تێدا بدۆزینەوە، تۆماری دەکەین و لەسەری دەنووسین. بەراستی، ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی ئەوەندە گرنگ و ئەوەندە بەربڵاوە، چەندێک لەسەری بنووسین هەر کەمە. لە لایەنی خۆمانەوە، ئێمە زۆرمان لەسەری نووسیوە، بەڵام هێشتا بەجوانی و بەڕێکی گردەڵە نەبووە. بێ گومان، لەهەر نووسینێکدا، تەکانێکی کاریگەرتر بە بابەتەکە دەدەین و بەرەو پێشەوەی دەبەین و بە هەنگاوێکی تر نزیکی دەخەینەوە لە گردەڵە بوون و لە گەڵاڵە بوون. ئەمەو بە بەراورد لەگەڵ ئامرازەکانی تردا وەک(لە) و(بۆ)، ڕێزمانی ئامرازی(بە) ڕەوانتر و بەرجەستەترە و نموونەی جوان و پتەوی هەیە بۆ شرۆڤەکردن. لە نووسینەکانی تردا، ئەم ئامرازە ڕەنگە سەودا کرابێت، بەڵام هێشتا هەر ماویەتی. ئەم نووسینەی بەردەستیش، بە گوڕ و تینێکی ترەوە باوەش دەکات بە ئامرازی(بە)دا و جارێکی تر، ئەوەی گوتراوە دووبارەی دەکاتەوە، بەڵام لەهەندێک جێدا، خاڵی نوێ و بیرۆچکەی کاریگەرتر دەخاتەڕوو. مەرجیش نییە، ئەم نووسینە و نووسینەکانی تر، بتوانن بگەن بە کرۆکی بابەتەکە، بەڵام دەتوانن چەند هەنگاوێک بکەنەوە بە ئاراستەی چەقی ئەو بازنەیەی کە لەپەرێزی ئامرازی(بە) پێکهاتووە. دەشێت لە دوای ئێمەش، کەسانی تر و بە بڕشتێکی ترەوە، بابەتەکە بەرەو کرۆکی ڕێزمانەکە ببەن و ئەوەی کە نووکی پێنووسی ئێمە پیی نەگەیشتووە، هی ئەوان پێی بگات.

بە هیوابین، لە ئەم نووسینەدا، توانیبێتمان چەند هەنگاوێکی دروستمان نابێت و چەند سەرنجێکی

هوردترمان تۆمار کردبێت بۆ نەوەی نوێ.

**٢- ئامرازی(بە) لەکاری ئامرازداردا:**

مەبەست لە(کاری ئامرازدار) بریتییە لە ئەو کارانەی کە ئامرازی پەیوەندی لە چەشنی(بە، لە، بۆ، ـە) وەردەگرن و ئەو ئامرازە باڵێکی نوێ و دیوێکی نوێ دەخاتەگەڕ لە میکانیزمی روودانی کارەکەدا. هەر بۆ پرۆڤە، ئەم نموونانەی خوارەوە دەشێت لەگەڵ ئامراز و بەبێ ئامراز بەکار بهێنرێن:

- **بەبێ ئامرازی پەیوەندی:**

گەیشتن: من دەگەم

دان: ئێمە پارەکەمان دا

بردن ئێوە پارەکەتان بردووە

رۆیشتن: من رۆیشتم

- **لەگەڵ ئامرازی پەیوەندی:**

گەیشتن(بە ..): من دەگەم(بە ئێوە)

دان (بە..): ئێمە پارەکەماندا(بە شیلان)

بردن(بۆ...): ئێوە پارەکەتان بردووە(بۆ ئەوان)

رۆیشتن(بۆ ...): من رۆیشتم(بۆ هەولێر)

لە ئەو چوار کارەدا، دوو ئامرازی پەیوەندی(بە، بۆ) بەکارهێنران و ئەو ئامرازانە باڵێکی نوێیان خستە سەر رووداوی کارەکان. هەر بۆ نموونە، رستەی(من دەگەم) دیوێکی تری پەیدا کردووە لە چەشنی(من دەگەم بە ئێوە). واتە باڵێکی نوێ لە چەشنی(بەئێوە) سەربارکراوە لە ئەو رووداوە فیزیاوییەدا، کە کاری رووتی(گەیشتن) دەینوێنێت. لەگەڵ گشت ئەوەشدا، کاری(ئامرازدار) چەند ئاکارێک دەنوێنێت، وەک:

* ژمارەی کاری ئامرازدار زۆر کەمە و سنووردارە و هەر کارێک(بەبژار)، نەک(بە هەڕەمەکی)، بۆی هەیە ئامرازی پەیوەندی وەربگرێت. واتە، دەشێت کارێک هەبێت کە ئامراز وەرنەگرێت وەک(توانین)، یان کارێک هەبێت هەر یەک ئامراز وەربگرێت وەک(رۆیشتن بۆ ...).

* - بەپێی خاڵی پێشوو، دەرگای کارەکان واڵا نییە بۆ ئامرازی پەیوەندی و هەر کارێک باری تایبەتی خۆی هەیە بۆ سەودا کردنی ئامرازەکان.

* - کاری ئامرازدار زۆر جودایە لە (ئاوەڵگوزارە)، چونکە(ئاوەڵگوزارە) بریتییە لە فەرشێکی ڕاخراو بۆ گشت کارەکان، نەک باڵێکی تایبەتی لە رووداوی کارەکەدا.

* - بەپێی ئەوەی گوترا، دەتوانین لە رووپێوێکی بەرچاویدا هەندێک لە ئەو کارانە ریز بکەین، کە بەئامرازی پەیوەندی(بە) دەبن بە(کاری ئامرازدار):

بوونی بوونایەتی: بوون(بە) مامۆستا

کردن: کردن(بە) مامۆستا

گەیشتن: گەیشتن(بە) ئامانج

وەڕین: وەڕین(بە) رێبواران

دان: پارە دان(بە) هەژاران

گوتن: قسە گوتن(بە) کەسێک

فرۆشتن: چشت فرۆشتن(بە) کڕیار

ناساندن: ناساندنی کەسێک(بە) کەسێکی تر

بەخشین: پارە بەخشین(بە) هەژاران

بەرانبەر بە ئەو نموونانە، نابێت لەهەر جێیەکدا کە ئامرازی(بە) ببینین، وابزانین لە قەوارەی کاردایە و کاری ئامرازداری دروست کردووە. بەراستی، ژمارەی ئەو کارانەی کە ئامرازی(بە) وەردەگرن لە قەوارەکەیاندا زۆر زۆر کەمە، ئەگەر بەراورد بکرێت بە ئەو ژمارە زۆرەی ئامرازی(بە)، کە لە نێو دەقێکدا دەر دەکەوێت.

**٣- ئاوەڵگوزارەی دەستەبەرەیی:**

لەئەم میکانیزمەدا، ئامرازی(بە) ئاوەڵگوزارەیەک چێ دەکات، بۆ ئەوەی ببێت بە(دەستەبەرە) لە بۆ رووداوی ئەو کارەی، کە

لەنێو رستەکەدایە، وەک:

من نامەکەم(بەدەست) نووسی

(بەدەستی خۆم) پارەکەم دا بەشیلان

(بەدەستی خۆم) چیم کرد بەخۆم

تۆ(بەچاوی خۆت) دزەکەت بینی

شیلان(بەچەقۆ) ئاروو پاک دەکات

بێ گومان، ئەم جۆرە بەکارهێنانە زۆر روون و سادەیە و دەشێت لە کاری ئامرازدار جودا بکرێتەوە. هەر بۆ نموونە، لە ئەم نموونەیەدا دووجار ئامرازی(بە) بەکارهێنراوە.

شیلان(بە) دەست پارەکەی دا بە تۆ

لە ئەم رستەیەدا، ئامرازی یەکەم(بەدەست) ئاوەڵگوزارەی چێ کردووە و بووە بە(دەستە بەرە) بۆ رووداني کارەکە. ئامرازی دووەمیش، بریتییە لە ئەو رەگەزەی کە کاری سادەی(دان)ی کردووە بە کاری ئامرازدار(دان بە ...).

**٤- ئاوەڵگوزارەی شێوازگری:**

لەئەم ئاوەڵگوزارەیەدا شێوازی رووداوی کارەکە دەخرێتە بەر مەبەست، وەک:

من(بەجوانی) قسەم لەگەڵی کرد

تۆ(بە کارامەیی) ئیشەکەت بەجێ هێنا

شیلان(بەسفتی) بلووزەکەی چنیوە

لەئەم ئاوەڵگوزارەیەدا، ناوی واتایی وەک(جوانی، کارامەیی، سفتی، ....هتد) دەبێت بە بارگەی ئامرازی(بە). لە نموونەیەکدا، وەک:

شیلان(بەجوانی)(بەدەستی خۆی) پارەکەی دا (بە ئازاد)

سێ جار ئامرازی(بە) ریز بووە، بەڵام بۆ سێ بەکارهێنانی جیاواز، چونکە ناشێت سێ جار ئامرازێک لە پەرێزی رستەیەکدا دەر بکەوێت و هەر بۆ یەک مەبەستیش بێت. لە ئەو رستەیەدا، ئامرازی یەکەم(بەجوانی) ئاوەڵگوزارەی شێوازگری چێ کردووە و ئامرازی دووەم(بەدەستی خۆی) ئاوەڵگوزارەی(دەستە بەرەیی) چێ کردووە. بەڵام ئامرازی سێیەم(بە ئازاد) کاری ئامرازداری(دان بە ...)ی چێکردووە.

**٥- ئاوەڵگوزارەی نرخ:**

زۆرجار ئاوەڵگوزارەی(نرخ و بایی) دەکەوێتە نێو ریزی ئاخاوتنەوە، وەک:

[شیلان کراسەکەی(بە دوو هەزار دینار) فرۆشت]

لەراستیدا، ئەم ئاوەڵگوزارەیە نرخی خۆی هەیە و بریتییە لە زەمینەیەک، کە بۆ رستە رادەخرێت. هەر بۆ نموونە، دەشێت چەند بەکارهێنانێک لەئارادا بێت و ئەم ئاوەڵگوزارەیەش کاریگەی خۆی هەبێت لە ریزی رستەکەدا، وەک:

[شیلان(بەجوانی) و(بە دەستی خۆی)،(بە دوو هەزار دینار) کراسەکەی خۆی فرۆشت(بە شیرین)]

بێ گومان چوار جار ئامرازی(بە) بەکار هێنراوە و لە هەر جارێکدا واتاکانی لە یەکتری جوودا بوونەتەوە، وەک:

-(بەجوانی): ئاوەڵگوزارەی شێواز گری

-(بەدەستی خۆی): ئاوەڵگوزارەی دەستەبەرەیی

-(بە دوو هەزار دینار): ئاوەڵگوزارەی نرخ

-(...بە شیرین): کاری ئامرازدار(فرۆشتن بە ..)

لە ئاستی ئەم نموونەیەدا، دیاردەیەکی سەیر هەیە و ئەو دیاردەیە باری(ئاوەڵگوزارەیی) یەکلایی دەکاتەوە. بۆ نموونە، کاری(کرین) بە هیچ جۆرێک نابێت بە کارێکی ئامرازدار لە چەشنی(کرین بە ) بەس دەبێت بە(کرین لە ...) کەچی ئاوەڵگوزارەی نرخ پەسند دەکات، وەک:

شیرین(بە دوو هەزار دینار) کراسەکەی کری لە شیلان

بەهەمان شێوە، دەشێت دەرگای ئەم ئاوەڵگوزارەیە بکەیتەوە بۆ زۆر کاری تر، کە(کرین و فرۆشتن) پیشان نادەن، وەک:

شیلان(بە دوو هەزار دینار) کراسەکەی بڕی بۆ شیرین
شیلان(بە دوو هەزار دینار) کراسەکەی نارد بۆ شیرین
شیلان(بە دوو هەزار دینار) کراسەکەی شۆرد بۆ شیرین
شیلان(بە دوو هەزار دینار) کراسەکەی دا بەشیرین
شیلان(بە دوو هەزاردینار) کراسەکەی هەڵگرت بۆ شیرین
شیلان(بە دوو هەزار دینار) ..................

کەواتە، دەستەواژەی ئامرازی(بە) کە لە ئەم نموونانەدا بریتییە لە(بە دوو هەزار دینار) بریتییە لە ئاوەڵگوزارە، چونکە پەیوەست نییە بەمیکانیزمی ڕوودانی کارەکانەوە.

**٦- ئامرازی تێ پەڕاندن:**

لە کارە تێپەڕەکاندا، هەندێک جار دووبارە بوونەوەی میکانیزمی(تێ پەڕاندن) بەدی دەکرێت، وەک:

دکتۆرەکە هەناسە(بە نەخۆشەکە) دەدات

لەئەم نموونەیەدا، کاری(دان) خۆی تێپەڕە و کەچی کراوە بە(دووجار تێپەڕ) و چاوگێک دروست بووە لەچەشنی(هەناسەدان بە کەسێک)، یان(هەناسە پێدان). لەراستیدا، وەک چۆن چاوگی(دان) هەیە و چاوگی(هەناسەدان) هەیە، هەر ئاوهاش چاوگی(هەناسەپێدان)یش هەیە. بێ گومان، هەر چاوگێک لە ئەو سیانە گەرداننامەی خۆی هەیە. یان لە نموونەیەکی تردا، وەک:

کراسەکەم(بەشیلان) فرۆشت(بە دوو هەزار دینار)

لەئاستی ئامرازی(بەشیلان)دا تەم و مژ هەیە، چونکە دوو باری شیاو هەن، وەک:

باری یەکەم: ئەگەر کاری(فرۆشتن) کارێکی ئامرازدار بێت لە چەشنی(فرۆشتن بە ...).

باری دووەم: ئەگەر کاری(فرۆشتن) بێ ئامراز بێت و لە جۆری(دوو جار تێپەڕ) بێت، وەک(ناچار کردنی شیلان بۆ فرۆشتنی کراسەکە).

لەئەم بارە ئاڵۆزەدا، دەشێت بەئاوەڵگوزارە واتای ئامرازی(بە) یەکلایی بکەینەوە. سەرەڕای ئەم دیاردەیە دەبینین، کە ئەم میکانیزمە بریتییە لە دیاردەیەکی گشتگر و ڕوودەکات لە گشت کارە تێپەڕەکان، وەک:

(پێ کردن، پێ ناردن، پێ بردن، پێ گوشین، پێ خستن، پێ کڕین، پێ گۆڕین، پێ بەستن، پێ هێنان ....... هتد).

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم نموونانە دەتوانن ناوی بکەر و ناوی بەرکار چێ بکەن، وەک:

(پێ کەر و پێکراو، پێنێر و پێنێردراو، پێ بەر و پێ بردراو، پێ گوش و پێ گوشراو، پێ خەر و پێ خراو، پێ کڕ و پێ کڕدراو، پێگۆڕ و پێ گۆڕدراو، پێ بەست و پێ بەستراو، پێ هێن و پێ هێنراو .....هتد).

گومان لە ئەوەدا نییە کە ئەم جۆرە میکانیزمە دەرگا گەورەکانی بزاڤی(زاراوەسازی) والادەکات و تەکانێکی کاریگەر بەزمانی نووسین دەبەخشێت.

**٧- تێپەڕاندن بە کاری(دان):**

زۆرجار لە ئاخاوتندا، ئامرازی(بە) و کاری(دان) پێکەوە و بەهاوبەشی میکانیزمێکی تر چێ دەکەن بۆ(تێپەڕاندن)، وەک:

(بە کوشت) دان: بە(کوشتن) دان
(بە گرت) دان: بە(گرتن) دان
(بە کرد) دان: بە(کردن) دان

کاریگەری ئەم میکانیزمە لەئاستی ئەم نموونانەدا دەردەکەوێت، وەک:

ئایا کێ سەربازەکەی(بەکوشت) داوە؟
ئایا کێ دزەکەی(بەگرت) داوە؟
ئایا کێ جلی تازەی(بەکرد) داوە؟

لە درێژبوونەیەکی تردا، ئامرازی(بە) دەتوانێت چاوگی کارەکان بکات بە(بارگە)، وەک:

(بەنووسین) دان،(بە خستن) دان،(بە گۆڕین) دان،(بەناردن) دان ....هتد.

**٨- دروست کردنی ئاوەڵناو:**

ئامرازی(بە) دەتوانێت کاریگەی خۆی بنوێنێت لە چێ کردنی ئاوەڵناودا بە میکانیزمی(بە + ناو)، وەک:

بەهێز، بەبڕشت، بەتوانا، بەکوڵ، بەجۆش، بەشکۆ، بەرۆژوو، بەکەڵ، بەشکۆ، بەڕێز، بەپێز، بەکەڵک، بەسام، بەنوێژ، بەناز، بەبا، بەترس، بەفیز، بەسۆز،...هتد.

بێ گومان، دەرگای ئەم ئاوەڵناوانە زۆر والاترە و بابەتەکەش زۆر روونە و ڕێزمانووسانیش نموونەی زۆریان ریزکردووە.

**٩- پێشگری واتاگۆڕ:**

زۆرجار ئامرازی(بە) و بارگەکەی دەبن بە(واتا گۆڕ) بۆ کارێک، وەک:

بەسەر چوون: ئەم دەرمانە بەسەرچووە

بەکارهێنان: ئەم دەرمانە بەکارهێنراوە

بەفیرۆدان: ئەو پارەیە بەفیرۆدراوە

بەکار بردن: ئەو ئامێرە بەکاربراوە

بەئاگا هاتن: شیلان بەئاگاهاتووە

بەئاگا بوون: شیلان بەئاگابووە

....... ....... ....... ....... ..........

لەڕاستیدا، زمانەکەی ئێمە زۆر سەنگین و رەنگینە لەئاستی ئەم جۆرە بەکارهێنانەدا، بەڵام بێ خزمەتە و دەشێت رۆژێک لە رۆژان(ڕابەری تایبەتی) بۆ دروست بکرێت. ئەوەش کە سەیرە لە ئەم نموونانەدا، ئەوەیە کە ئامرازی لکاو(پێ) پەسند ناکات و ناتوانین بارگەکەی بکەین بە(جێناوی لکاو)، چونکە مەرجی(واتاگۆڕکێ) لە ئارادا نامێنێت.

**١٠- ئامرازی(بە) لە نێوان هەمان ناودا:**

هەندێک جار ئامرازی(بە) دەکەوێتە نێوان ناوێکی دووبارەوە، وەک:

رۆژ(بە) رۆژ، ساڵ(بە) ساڵ، کێو(بە) کێو، شاخ(بە) شاخ، سات(بە) سات، چرکە(بە) چرکە، هەواڵ(بە) هەواڵ، ............هتد.

وەک دەگوترێت:

شیلان رۆژ(بە) رۆژ جوانتر دەبێت.

شیلان ساڵ(بە) ساڵ ژیرتر دەبێت.

من شاخ(بە) شاخ ئەو کوێستانە گەڕاوم.

ئازاد چرکە(بە) چرکە ئاگای لە شیلانە.

ئەم دەستەواژانە بە شێوەی(ئاوەڵناو) و بەشێوەی(ئاوەڵگوزارە) دەردەکەون. لەدیوی ئاوەڵناودا دەگوترێت:

ئەم ئیشەی ئێمە(رۆژ بە رۆژ)ە.

ئەو کوێستانە گشتی(کێو بە کێو)ە.

**١١- ئامرازی(بە) و جوێنی سپی:**

لەسەر ئاوازی جوێنی پیس، هەندێک جوێنی پاک پەیدا بووە، وەک:

چاوم(بە) چاوت

سەری(بە) گۆڕی باوکی

ئەم نانە(بە) ئەو رۆنە

هەی، قوڕ(بە) سەرت

ئەم جۆرە دەستەواژانە لە رستەیەک دەچن، کە(کار)ەکەی لادرابێت، وەک:

چاوم بە چاوت(بێت)

یان،

ئەم نانە بە ئەو رۆنە(بێت)

یان،

هەی قوڕ بەسەرت(بێت)

واتە، فرمانێکی ناڕاستەوخۆ دەدەن بەسەر ئەو بارگەیەدا کە ئامرازی(بە) هەڵی گرتووە. ئەو کارەش کە لەئەم دەستەواژانە برەوی هەیە، بریتییە لە کاری بوونی ئێستایی، وەک:

چەند حەزدەکەم شیلان هاوڕێم(بێت)

لەجیاتی:

بێ گومان، شیلان هاوڕێمە(ـە)

**پوختەکاری:**

* ئامرازی(بە) بۆی هەیە بچێتە نێو قەوارەی رووداوی کارەوە و ئەو رووداوە بگوێزرێتەوە بۆ سەر پێگەیەک.

* لەبەر رووناکی خاڵی پێشوو، ئامرازی(بە) بۆی هەیە کاری ئاسایی بکات بە کاری(ئامرازدار). بۆ نموونە کاری(گەیشتن) دەکات بە(گەیشتن بە ...).

* ئامرازی(بە) بۆی هەیە بچێتە سەر(ناوی چاوگ) و ببێت بە(پێ)، وەک(پێدان، پێ گەیشتن، پێ کردن، ...).

* ئامرازی(بە) رۆڵێکی گەورەی هەیە لە دارشتنی ئاوەڵگوزارەدا، وەک ئاوەڵگوزارەی(دەستەبەرەی رووداوی کار)، ئاوەڵگوزارەی(شێوازی نەریتی رووداوی کار)، یان ئاوەڵگوزارەی(نرخ و بەها).

* لەبەر رووناکی خاڵی پێشوو، دەشێت چەند جارێک، لە چەند جێیەکی جیاوازدا و لەهەمان رستەدا، ئامرازی(بە) دەربکەوێت، بەڵام لەهەر جێیەکدا بۆ مەبەستێک.

* ئامرازی(بە) بۆی هەیە ئەرکی(تێ پەڕاندن) بگێڕێت و کاری(تێپەڕ) جارێکی تر بکاتەوە بە(تێپەڕێنراو)، وەک(هەناسەدان) و(هەناسە پێدان).

* لەپەرێزی کاری(دان)دا، ئامرازی(بە) بۆی هەیە جۆرە(تێ پەڕاندن)ێکی تر ببەخشێت بە کارە تێ پەڕەکان، وەک(بە کوشت دان)، یان(بە کوشتن دان).

* لەبەر رووناکی خاڵی پێشوو، ئامرازی(بە) لە ئەو کارە تێ پەڕێنراوانەدا بۆی نییە بگۆڕێت و ببێت بە(پێ).

* ئامرازی(بە) دەچێتە سەر هەندێک لە ناوی زمانەکە و ئاوەڵناو چێ دەکات، وەک(بەهێز، بەرێز، بەسۆز، بەسام، بەتوێژ،....).

* ئامرازی(بە) بۆی هەیە بەبارگەیەکەوە ببێت بە(واتاگۆڕ)، وەک(بەسەرچوون، بەفیڕۆدان، ...).

* ئامرازی(بە) دەتوانێت بکەوێتە نێوان هەمان ناوی دووبارەوە و ئاوەڵناو چێ بکات، وەک(دەست بە دەست، رۆژ بە رۆژ، ساڵ بە ساڵ، ......).

* ئامرازی(بە) چەند بەکارهێنانێکی تری هەیە، کە لەئەم نووسینەدا باس نەکراوە، وەک:

- ئاوەڵگوزارەی کات، وەک:

بەشەو، بەرۆژ، بەئێواران

- ئاوەڵگوزارەی سوێند، وەک:

(بە) چاوی تۆ،(بە) سەری ئێوە

- ئاوەڵگوزارەی شێواز: وەک:

فرۆشتن(بە) تاک و(بە) کۆ

**سەرچاوە:**


- د. شێرکۆ بابان، هەندێک لە ئیشەکانی خۆمان لەسەر ئامرازی پەیوەندی(بە).
- د. محەمەد مەعرووف فەتاح، کار پۆلێن کردن بە پێی رۆنان، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢١، بەغدا ١٩٨٩.
- د. رەفیق شوانی، چەند بابەتێکی زمان و رێزمانی کوردی، هەولێر ٢٠٠١.
- نووری عەلی ئەمین، رێزمانی کوردی، سلێمانی ١٩٦٠.
- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەشی چوارەم، ژمارە و ئاوەڵکار، بەغدا ١٩٩٨